KURDISH

Healthier Scotland
Scottish Government

# بەخشینی ئەندامی جەستە و باوەڕە ئایینییەکان



## ڕێنمایەک بۆ بەخشینی ئەندام و شانەی لەش و باوەڕی ئیسلام

# ئاینی ئیسلام و بەخشینی ئەندامی جەستە

## Introduction to organ and tissue donation

پێشەکییەك بۆ بەخشینی ئەندام و توێی جەستە

بەخشینی ئەندامێك و/ یان شانەیەکی جەستە دیارییەکە بۆ یارمەتیدانی کەسێك کە پێویستی بە چاندنی ئەو ئەندامە یان شانەیە. بە چاندنی ئەندام و شانەی جەستە، ساڵانە ژیانی سەدان کەس بە درێژایی و پانتایی سکۆتلەندا ڕزگار دەکرێن یان باشتر دەکرێن. بەڵام، بە تێکڕا، هەر ڕۆژە و کەسێك لە شانشینی یەککگرتوو کەسێك لە چاوەڕوانیی چاندنی ئەندامێکدا گیان لەدەست دەدات.

ئەو ئەندامانەی کەسانی مردوو دەتوانن بیانبەخشن دڵ و سی و گورچیلە و جگەر و پەنکریاس و ڕیخۆڵە باریکە لە خۆ دەگرن. شانەی وەك زمانەی دڵ و ژێ و گلێنەی چاو و پێستیش دەتوانرێت ببەخشرێن بۆ یارمەتیدانی کەسانی تر. بە زیندوویی بەخشینی گورچیلەیەك یان ئێسك یان هەندێك جار پارچەیەك لە جگەریش هەر دەشێت بکرێت.

## چی کاتێك پاش مەرگ دەتوانرێت ئەندام و شانەی لەش ببەخشرێن.

پزیشکان و ئەندامانی تری سەرپەرشیتی تەندروستی پابەندن بە ڕاپەڕاندنی ئەو شتەی لە دەستیان بێت لە پێناو بە زیندوویی هێشتنەوەی نەخۆش. بەخشینی ئەندام یان شانە، تەنها کاتێك دەخرێتە بەر باس و تاووتوێ، کە هەموو هەوڵ و تەقەلایەك بۆ ڕزگارکردنی ژیانی نەخۆشەکە شکست بهێنێت.

زۆربەی بەخشینەکانی ئەندامی جەستە پاش پشتڕاستکردنەوەی مەرگی کەسەکە ئەنجام دەدرێن. ئەو پشتڕاستکردنەوەیەش لە ڕێی پێوانەی دەمارزانییەوە جێبەجێ دەکرێت کە پێیشی دەووترێت ’مەرگی ”مووری“ (بن) مێشك ’. ئەمە ئەو کاتەیە کە کەسێك مێشکی تووشی پێکان یان زیانی توندوتیژ بووە و بە ئامێری هەناسە پێدان Ventilator-ەوەیە لە یەکەی سەرپەرشتیی ورد. ئەو پێکانەی مێشکی ناوەندە هەستیار و گرنگەکانی لە مووری مێشکدا تێکدابێت کە بۆ ژیان بنچینەیین. ئەمە ئەوە نیە کە کەسێك دەچێتە کۆماوە یان باری ژیانی ناهۆشیارییەوە. لە لایەن دوو گەورە پزیشکەوە کە سەربەخۆن و جیان لە تیمی ئەندام چاندن، لە دوو کاتی جیادا پشکنینی بە پێی ڕێسا و پێوەریی توندوتۆڵ ڕەچاو دەکرێت.

کاتێك پشتڕاست کرایەوە کە مووری مێشکی مردووە، نەخۆشەکە هێشتا لەسەر ئامێری هەناسەپێدان Ventilator-ە (ئامێرێکە کە هەوا دەکاتە ناو سییەکانەوە و یارمەتیی سووڕی خوێن دەدات بە ناو لەشدا بسووڕێت). ئامێرەکە بە شێوەیەکی دەستکرد بەردەوامی دەدات بە گەیاندنی ئۆکسجین بە ئەندامەکانی لەش.

ئەگەر ئەمە نەکرێت، لە جیاتی ئەمە، دەتوانرێت ئەندامەکانی لەش لە پاش 'مردنی سووڕان (سیستەمی دڵ و دەمار)' ئەنجام بدرێت، کە ئەمە پاش وەستانی دڵ لە لێدان دەبێت و ئەمەش هەناسەدان دەوەستێنێت. ئەمە کاتێك دەبێت کە دەستەی کلینیك لەگەڵ کەسوکاری نەخۆشەکە گەیشتوونەتە ڕێککەوتن لەسەر ئەوەی هیچ ئومێدێکی واقیعییانە نەماوە بۆ چاکبوونەوەی نەخۆشەکە و بڕیار دراوە چارەسەرەکانی لەژیانداهێشتنەوە لە نەخۆشەکە دابڕێنرێت.

## ئیسلام و بەخشینی ئەندامی جەستە

جیاوازی لە بیروڕادا هەیە لە نێو موسوڵمانانادا لەبارەی بەخشینی ئەندامی جەستە. بڕیاردان لەسەر بەخشینی ئەندامەکانی کەسێك بابەتێکی زۆر کەسییە. ئەو موسوڵمانانەی دوودڵ و نیگەرانن لەبارەی ئەم بڕیاردانەوە لە ڕوانگەی ڕێنماییەکانی ئیسلامدا، دەبێت ئەم بیروڕا جیاوازانە لەگەڵ خێزان و کەسەکانیاندا، یان لەگەڵ ئیمامەکەی ناوچەکەیان یان پیاوە ئایینییەکەی نەخۆشخانەدا، تاووتوێ بکەن.

## بۆچوونی ئیسلامی سوننی

لە ڕووی مێژووییەوە و هەروەها لە ڕۆژگاری ئەمڕۆشدا، زۆر موسوڵمان باوەڕیان وایە کە بەخشینی ئەندامی جەستە حەرامە، قەدەغەیە. ئەمەش لەبەر ئەوەی لەشی مرۆڤ بە پیرۆز دەزانرێت و پێغەمبەر موحەممەد، سڵاوی خودای لێ بێت، فەرموویەتی جەستە، تەنانەت پاش مردنیش، هەر بە پیرۆزی دەمێنێتەوە، و نابێت ئازاری بدرێت. فەرموویەتی 'شکاندنی ئێسکەکانی مردوو وەکو شکاندنی ئێسکەکانیەتی بە زیندوویی.'

بە هەمان شێوە قورئانیش دەڵێت:

***'هەر کەسێك ژیانێك ڕزگار بکات، وەکو ئەوەیە ژیانی هەموو مرۆڤایەتیی ڕزگار کردبێت.'***

بەم شێوەیە، زۆر لە موسوڵمانان لەم ئایەتە ئەوە تێدەگەن کە بەخشینی ئەندامی جەستە کارێکی شایستە و مایەی ستایشە.

لە 1995دا، ئەنجومەنی یاسای ئیسلامی (شەریعەت) لە بەریتانیا فەتوایەکی دەرکرد کە دەڵێت بەخشینی ئەندامی جەستە ڕێگە پێدراوە. لە 2019دا "موفتی موحەممەد زوبەیر بەت" لە ڕووی بنەماوە پەسەندی کرد کە ئەوە کارێکی ڕێگە پێدراوە، بەڵام لەوەدا لەگەڵ ڕاکەی پێشتردا نەبوو کە ئەندامەکان تەنها پاش ڕاوەستانی دڵ دەتوانرێت دەربهێنرێن، لە کاتێکدا ڕێسای یەکەم ئەوە بوو کە لە پاش مردنی مووری مێشك ئەندامەکان دەتوانرێن دەربهێنرێن.

لەم دواودواییانەدا، لە 2020دا، شێخ دکتۆر ڕەفاقەت ڕەشید لەسەر ئەم بابەتەی نووسی و جارێکی تر بەڵگەی هێنایەوە لەسەر دروستیی ئەو ڕایەی دەڵێت مردنی مووری مێشك لە تێڕوانینێکی ئیسلامییەوە دەکرێت بە پێناسەیەکی قبووڵکراو بۆ مردن بەکار بهێنرێت لە پێناو دەرهێنانی ئەندامی جەستە.

بە کورتی، سێ هەڵوێست لە ئیسلامی سوننیدا هەن پەیوەست بە بەخشینی ئەندامی جەستە لە پاش مردنەوە، ئەمانە بژاردەکانیانن:

1. ئەندامەکانی جەستەیان لە پاش مردنی مووری مێشکەوە (DBD) ببەخشن، یان لە پاش مردنی سووڕی خوێنەوە (DCD)

2. ئەندامەکانی جەستەیان تەنها لە پاش مردنی سووڕی خوێنەوە ببەخشن

3. ئەندامەکانیان نەبەخشن

ئەمانە هەندێك لە لێدوانەکانی ئیمام و زانا سوننەکانن لە سکۆتلەندا:

**”گەڕان بە دوای زانیاریدا لە بارەی بەخشینی ئەندامانی جەستەوە بۆ هەموو موسوڵمانێك گرنگە. خەڵك دەبێت وەك بژاردەیەك و وەك جۆرێك ”صەدەقەی جاریە“ (خێری بەردەوام) بیر لەمە بکەنەوە لەبەر ئەوەی پێویستییەکی لە ڕادەبەدەری لەسەر هەیە.“**

**(دکتۆر ”ابراهیم الواوي“، ئیمامی مزگەوتی ئەبەردین *Aberdeen*)**

**”تەنها لەکاتی پێویستییەکی ئێجگار زۆردا لە پێناو ڕزگارکردنی ژیانی کەسێکی تردا ڕێگەپێدراوە ببەخشیت. دەبێت کەرامەت و حورمەتی مردووەکە، ڕێك وەك زیندوویەك، بپارێزرێت.“**

**(مەولانا عەبدوڕڕەحمان عابد، ”مسجد الفرقان“، گلاسگۆ)**

**”من شانازی دەکەم بەوەی چەندین ساڵە لە تۆماری بەخشەراندا خۆم ناونووس کردووە. ئێستا لە هەموو کاتێك زیاتر لەسەر ئەو باوەڕەم کە بەخشینی ئەندامانی جەستە زۆر گرنگە و سوودی گەورەی بە دواوەیە.“**

***(شێخ ”عبدالعزیز احمد“، مامۆستا لە پەیمانگای مەدینە، ”صوت الهي“ و ئەنجومەنی ”نۆرث لانارکشایەر“ North Lanarkshire Council)***

## بۆچوونی ئیسلامی شیعە

بڕاردەکانی ئیسلامی شیعە بەم شێوەیەن:

1. تەنها پاش مردنی سووڕی خوێن (DCD) ئەندامەکانیان ببەخشن
2. ئەندامەکانیان نەبەخشن

لە ئێستادا دوو هەڵوێستی سەرەکی و هەڵوێستێکی تری کەمتر زانراو هەن لە لایەن موسوڵمانانی شیعەوە. (لەبەر ئەوەی موسوڵمانانی شیعە لەسەر قسەی شەریعەتناسانی زیندوو دەڕۆن، زۆر هەڵدەگرێت ئەو هەڵوێستانەی باس کران بە گۆڕینی شەریعەتناسەکان، ئەوانیش بگۆڕێن).

ئایەتوڵڵای سیستانی ڕێگەپێدانی ئەندام بەخشین لە پاش مردنەوە ناسەلمێنێت (مەگەر ژیانی موسوڵمانێك لەسەر ئەو ئەندام چاندنە ڕاوەستابێت و پێی ڕزگار بکرێت).

ئایەتوڵڵا خامینەئی ڕێگە بە ئەندام بەخشین دەدات هەتا ئەو کاتەی جەستەکە وەك جەستەیەکی شێوێندراوی لێ نەیەت. بەخشینی ئەندامەکانی ناوەوەی لەش ڕێگە پێدراوە، بەڵام بڕینی ئەندامە دەرەکییەکان دەبێتە شێواندنی جەستە، کە ئەوەش ڕێگە پێدراو نیە.

هەڵوێستێکی سێیەمی کەمتر زانراویش هەیە کە هەڵوێستی ئایەتوڵڵا مەکەڕەم شیرازییە، کە هاوشێوەی هەڵوێستی خوالێخۆشبوو ئایەتوڵڵای خوئییە و دەڵێت بەخشینی ئەندام (گەورە بێت یان پچووك) لە پاش مردنەوە ڕێگە پێدراوە، ئەگەر بێتو بە ڕوونی ویستی بەخشەرەکە بێت.

## بەشداریی خێزان

خێزان ڕۆڵێکی سەرەکی لە بەخشینی ئەندام و شانەدا دەگێڕێت. ئەگەر لە هەل و مەرجێکی وادا بمریت کە تیایدا بتوانیت بەخشەری ئەندام بیت، ئەوا پەرستارێکی تایبەتمەند تەماشای تۆماری NHS بۆ ئەندامبەخشان دەکات تا بزانێت ئایا بڕیارێکت تۆمار کردووە (بەوەی ئایا ئەندامەکانت ببەخشیت یان نەبەخشیت). هەروەها قسە لەگەڵ خێزانەکەشت دەکەن تا بپرسن ئایا هەرگیز هیچ بۆچوونێکت دەربڕیوە لەبارەی ئەوەی لەگەڵ یان لە دژی ئەوە بیت کە ئەندامەکانت ببەخشیت و بۆ ئەوەی بزانن ئایا باوەڕی ئایینیت هیچ بەربەستێك لەبەردەم بەخشینتدا دادەنێت یان نا.

کەواتە، بڕیارت هەرچییەك بێت، گرنگە خێزانەکەت بزانێت چیت دەوێت. ئەمە کارئاسانی بۆ ئەوان دەکات ڕێز لە بڕیارەکەت بگرن. ئەمە، سەرباری ئەوەش، دڵنیایی دەدات لەوەی کارمەندانی NHS بتوانن دڵنیا بن کە ویستی تۆ بە هەند وەرگیراوە لەوەی ئایا، بۆ نموونە، دەتەوێت بە پێی مردنی سووڕی خوێن ئەندامەکانت یان شانەکانی لەشت ببەخشیت نەك پاش مردنی مووری مێشك.

## ڕێز و حورمەت

دەرهێنانی ئەندامەکان و شانەکانی جەستە بەو پەڕی ڕێز و حورمەتەوە دەکرێن. خێزان و کەسی مردووەکە دەتوانن دواتر جەستەکە ببیننەوە و کارمەندەکان دەتوانن پەیوەندی بە پیاوی ئایینیی نەخۆشخانەکەوە یان سەرگەورەی ئایینی ئەو شوێنەوە بکەن ئەگەر خێزانەکە بیانەوێت. نەشتەرگەریی ئەندام بەخشین لە باری ئاساییدا لە ماوەی چەند کاتژمێرێکی کەمدا دەکرێت و تەرمەکە دەتوانرێت ڕاستەوخۆ لەپاش ئەوە بدرێتەوە بە خێزانەکە بۆ ناشتن و بە خاك سپاردنی.

# بڕیاردان لە بژاردەکانی خۆت

هەرچییەك بۆ خۆت یان بۆ کەسە خۆشەویستەکانت هەڵبژێریت، لەلایەن کارمەندانی NHS -ەوە یان موسوڵمانانی ترەوە یان کۆمەڵگا هیچ بەدناوکردن یان خەوشێک بەهۆی بڕیارەکەتەوە دروست نابێت.

دەتوانیت زانیاریی زیاتر لەبارەی بەخشینی ئەندام و شانە و تۆمارکردنی بڕیارکەت ، ئیتر بڕیارەکەت هەرچییەك بێت، لە ڕێگای ئۆنلاینەوە لە **organdonationscotland.org** یان بە تەلەفۆن کردن بۆ **0300 123 23 23** ببینیتەوە

## چۆن ببمە بەخشەر؟

ئەگەر دەتەوێت لە پاش مەرگتەوە هەندێك یان هەموو ئەندامەکانت و ، یان شانەکانت ببەخشیت، ئەوا باشترین ڕێگا بۆ ئەوەی دڵنیا بیت لەوەی کە خێزان و کەسەکانت بزانن تۆ چیت دەوێت و ڕێز لە بڕیارەکەت بگرن ئەوەیە خۆت لە تۆماری ئەندامبەخشانی NHS خۆت ناونووس بکەیت و بە خێزان و کەسەکانیشت بڵێیت بڕیارت چیە. دەشتوانیت لە تۆمارەکەتدا ئەوە بنووسیت کە ئایا باوەڕەکەت / ئایینەکەت گرنگە و دەبێت لە پڕۆسەی بەخشینی ئەندامی جەستەتدا ڕەچاو بکرێت.

## چی دەبێت ئەگەر نەمەوێت ئەندامم ببەخشم؟

ئەگەر نەتەوێت ئەندامی جەستەت ببەخشیت، ئەوا گرنگە ئەم بڕیارەت لە تۆماری ئەندامبەخشانی NHSدا تۆمار بکەیت و بە خێزانەکەشت بڵێیت. ئەگەر حەز بکەیت چەند ئەندامێکت یان شانەیەکت ببەخشیت بەڵام هەندێکیان نەبەخشیت ئەوا لە تۆمارکردنی بەخشین ’هەڵمەگەڕێەوە. لە جیاتیی ئەوە خۆت وەك بەخشەر تۆمار بکە ئەمجا تەنها ئەو ئەندامە یان شانە هەڵبژێرە کە دەتەوێت بیبەخشیت.

بۆ بەدەستهێنانی زانیاریی زیاتر لەبارەی ئەندام و شانە بەخشینەوە و لەبارەی بژاردەکانت و چۆنیەتی تۆمار کردنی بڕیاری بەخشینەکەتەوە، سەردانی ئێرە بکە:

**organdonationscotland.org** یان تەلەفۆن بکە بۆ

**0300 123 23 23**


**سوپاس و پێزانین**

حکومەتی سکۆتلەند حەز دەکات سوپاسی خۆی پێشکەش بەم بەڕێزانە بکات: ”بشرى رياض، الشيخ عبدالعزيز احمد فريدريكس، د. ناظم غوري، د. ساهرة دار، د. زبێر احمد، الشيخ حسن رباني، الشيخ رضوان محمد، امام سيد رضوي، خاتوو آرام المعموري“، کۆمەڵەی سکۆتلەندیی ”اهل البيت“ و ئەوانەی وتەکانیان وەرگیراوە بۆ هاوکارییان لە ئامادەکردنی ئەم نامیلکەیەدا.



لە دێسێمبەر (کانوونی دووەم) ی 2020دا تازە کراوەتەوە

OLC230P 2012